# پیرۆز بێت، " 8ی مارس"، رۆژی جیهانی ژن!

کەریم ئەمانی

ڕۆژی ژنان، یان رۆژی ژنانی کرێکار، رۆژی هاو پشتی و هاو خەباتی جیهانی و هەروەها ڕۆژێکە بۆ بەراورد و هەڵسەنگاندنی هێز و ئاستی رێکخراو بوونی ژنانی کرێکار. بەڵام تایبەتمەندی ئەم رۆژە نەك هەر تەنیا بۆ ژنان نییە، بەڵکوو هەشتی مارس رۆژێکی مێژوویی و لە بیر نەچووەیە بۆ سەرجەم کرێکارانی جیهان. لە ساڵی 1917، شۆڕشی مەزنی فوریە دەستی پێ کرد. لەو ساڵەدا، ژنانی کرێکاری پترزبورگ ئەوەڵین بڵێسەکانی ئاگری ئەو شۆڕشەیان هەڵایرساند، ئەوان یەکەم کەسانێك بوون کە بڕیاریان دا ئاڵای خەبات لە دژی تزار و هاوپیاڵەکانی بەرز بکەنەوە. لەم رووەوە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان بۆ ئێمە جێژنێکی دوو لایەنەیە!.

نزیکەی سەدەیەك لە مەوبەر، مەسەلەی بەرابەری ژنان و ئەوەی کە ئایا ژنان دەتوانن شان بە شانی پیاوان لە دەسەڵات دا بەشداری بکەن وێردی سەر زمان بوو. چینی کرێکار لە هەموو وڵاتانی سەرمایەداری بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنان خەباتیان دەکرد. بورژوازی حازر نەبوو دان بەو مافانە دا بنێت. چوون بە قازانجی بورژوازی نەبوو کە دەنگی چینی کرێکار لە پارلماندا بە هێزتر بکەن. بەڵام کرێکاران لە هەموو ئەو وڵاتانە لە سەر تەسویب بوونی یاسایەکەی وا کە بە ژنانی کرێکار مافی دەنگدان بدات بە سەختی پێ داگریان دەکرد.

لە مانگی فوریەی ساڵی 1907 دا ژنانی سوسیالیستی ئامریکا گەلێك رێپێوان و کۆڕ و کۆبوونەوەی گەورە و بەربڵاویان لە سەرتاسەری ئەو وڵاتە دا بەڕێوە برد. ئەوان خوازیاری بەدەست هێنانی مافی سیاسی بۆ ژنانی کرێکار بوون. ئەمە یەکەمین "رۆژی ژنان" بوو. لەم ڕووەوە سەرچاوەی ئیبتکاری سازمان دانی "ڕۆژی ژنان"، ژنانی خەباتکار و کرێکاری کارگەکانی رستن و چنینی ئامریکان. ساڵی 1910 لە دووهەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کرێکاری سوسیالیست دا، کلارازتکین مەسەلەی سازمان دانی رۆژی نێونەتەوەیی ژنانی هێنایە گۆڕێ. کۆنفرانس بڕیاری دا لە هەموو ساڵێك لە تەواوی وڵاتەکان، ژنان دەبێ ڕۆژێکی دیاریکراو بە دروشمی "مافی دەنگ دان بۆ ژنان، هێزی ئێمە لە پێناو خەبات بۆ سوسیالیسم دا یەکگرتوو دەکات"، جێژن بگرن.

لەو ساڵانەدا مەسەلەی دیموکڕاتتر کردنی پارلمان واتا بەر بڵاوی مافی دەنگ دان و مافی هەڵبژاردن، بە جۆرێك کە ژنانیش لە خۆ بگرێت شتێکی حەیاتی بوو. تەنانەت بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم، کرێکاران لە هەموو وڵاتە بورژوازییەکان بێجگە لە روسیە مافی دەنگ دانیان بوو. تەنیا ژنان لە بەرخوردان بوون لەو مافە بێ بەهرە مانەوە. سەرەڕای ئەوە لەو سەردەمە دا، بارودۆخی دژواری سەرمایەداری پێویستییەکی زۆری بە بەشداری ژنان لە مەسەلەی ئابووری وڵات دا بوو. ساڵ بە ساڵ رێژەی ئەو ژنانەی کە ناچار بوون لە کارگا و کارخانەکان دا کار بکەن وە یان ببنە کارکەر و پێش خزمەتی ماڵەکان بەرز دەبۆوە. ژنان شان بە شانی پیاوان کاریان

دەکرد و سروەتی وڵات بە دەستی ئەوان دەخولَقا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هەر وا لە مافی دەنگ دان بێبەش کرابوون. لە ساڵەکانی بەر لە کۆتایی شەڕ، بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك و پێداویستییەکانی ژیان، تەنانەت ئاشتی خوازترین ژنانی ناو ماڵیشی ناچار کرد کە هۆگری مەسایلی سیاسی بن و لە دژی ئابوری و مناسباتی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان هەڵبڕن. " شۆڕشی ژنانی ناو ماڵ" رۆژ بە رۆژ پەرەی دەستاند و لە بۆنە جیاجیا کاندا لە وڵاتی ئوتریش، ئینگلستان، فەڕانسە و ئاڵمان لەو پەڕی گەشە کردن دا بوو.

ژنانی کرێکار بەو واقعییەتە گەیشتن کە تەنیا بە شکاندنی دەرگای دوکان و بازاڕەکان و هەڕەشەی لێرە و لەوێ لە چەند تاجرێك داخوازییەکانیان مەیسەر نابێ و ئەو حەرەکاتانە هەزینەی ژیانیان کەم ناکاتەوە، بەڵکو دەبوایە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی دەسەڵات دا پێك بێنن. بۆ ئەم مەبەستە، چینی کرێکار دەبوایە مافی دەنگ دان و مافی هەڵبژاردنیان پەرە پێ بدایە. هەر بۆیە بڕیار درا لە هەر وڵاتیك یەك "رۆژی ژنان" وەك شکڵێك لە خەبات بۆ بە دەست هێنانی مافی دەنگ دان بۆ ژنانی کرێکار بەڕێوە بچێت، دەبوو ئەو رۆژە رۆژێك بوایە بۆ یەکگرتوویی نێو نەتەوەیی خەبات بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجە هاوبەشەکان و هەروەها رۆژێك بوایە بۆ بەراورد کردن و هەڵسەنگاندنی هێز و ئاستی رێکخراو بوونی ژنانی کرێکار لە ژێر ئاڵای سوسیالیستیدا.

سەرەنجام رۆژی 19ی مارسی 1911، سەدان هەزار کەس لە کرێکاران و ژنان و پیاوانی بەرابەری خواز لە ئاڵمان، ئوتریش، سوئیس و دانمارك رژانە خیابانەکان و هێزی خۆیان بە نەمایش دەرهێنا، لە ئوتریش رێژەی بەشدار بووان لە رێپێوانی ئەو رۆژەدا نزیکەی 30 هەزار کەس بوون. بەشداربوانی رێپێوانەکان بێجگە لە داخوازی مافی دەنگدان، خوازیاری مافی کارکردن، ئاموزشی حیرفەیی و کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی پیشەیی بوون. هێزەکانی پۆلیس هێرشیان کردە سەر بەشداربوانی رێپێوانەکە ودایاننە بەر ئەزییەت و ئازار و ژومارەیەکیشیان لێ دەستگیر کردن. دواتر لە ساڵی 1913 بە پێی بڕیاری "دەبیرخانەی نێونەتەوەیی ژنان" یەکێك لە ناوەندەکانی ئینترناسیۆناڵی کۆمۆنیستی دووهەم، رۆژی هەشتی مارس بۆ رێزگرتن لە خەباتی ژنانی کرێکاری کارگەکانی رستن و چنین لە ئامریکا، وەك "رۆژی جیهانی ژن" ناوزەد کراو بەم جۆرە رۆژی هەشتی مارس لە ساڵەکانی 1913 هەتا 1916 لە سەراسەری ئوروپا و لە روسیە سەرەڕای گەلێك گیر و گرفت و تەنگ و چەمەڵە کەم تا زۆر لە لایەن ژنان و پیاوانی کرێکار و بەرابەری خوازەوە رێزی لێ گیرا.

بەڵام، دواتر بە هاتنی، ساڵێکی پڕ شکۆی وەك ساڵی 1917، برسیەتی، سەرما، دادگاییەکانی شەڕ، سەبری ژنانی کرێکار و وەرزێڕانی روسیە تێك شکا. لەو ساڵەدا و لە رۆژی 8ی مارس، رۆژی ژنانی کرێکار دا، ئەوان بوێرانە رژانە ناو شەقامەکانی شاری پترۆگراد. ژنان، بەشێك لە کرێکاران و هاوسەرانی سەربازەکان، خوازیاری "نان بۆ منداڵەکان" و "گەڕانەوەی هاوسەرەکانیان لە بەرەکانی شەڕ "بوون. لەو سەردەمە چارەنوس سازە دا هێزە ئەمنییەتێکانی تزار لە ئاست جەسارەت و لە خۆ بردوویی ژنانی کرێکار بە جۆرێك دوچاری سەر لێ شێواوی

هاتبوون که نەك هەر نەیان دەتوانی "ئەو جۆرەی که لەگەڵ "یاغییەکان" هەڵس و کەوتیان دەکرد لەگەڵ ئەوانیشی بکەن، بەڵکوو به شپرزەیی و سەر لێ شێواوییەوە چاویان بڕیبووە دەریای خرۆشاوی رق و قینی جەماوەر. رۆژی ژنانی کرێکار، له ساڵی 1917 دا بوو به لاپەڕەیەکی درەوشاوە له مێژودا وهیچکات له زێهنەکان ناسڕدرێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی که له ساڵی 1975دا دەوڵەته سەرمایەدارییەکان پاشەکشەیان پێکرا و رۆژی هەشتی مارس له لایەن سازمانی نەتەوه یەکگرتووەکانەوە وەك "رۆژی جیهانی ژن "به رەسمییەت ناسرا و ئەمە دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ ژنان و پیاوانی بەرابەری خواز، بەڵام زۆر یەك له وڵاتەکان و لەوانه دەوڵەتی سەڵتەنەتی ئێرانیش ئەو رۆژەیان به رەسمی نەناسی و یان رۆژهایەکی دەستکرد و نمایشی تریان به جێگای رۆژی ژن، به مەبەستی به لاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی و له ناوەرۆك خاڵی کردنی ئەو رۆژە دانا و لەو وڵاتانەش که به رواڵەت ئەو رۆژەیان به رەسمی ناسیبوو، بورژوازی هەمیشه به شێوازی جۆراوجۆر له هەوڵی ئەوەدا بووە هەتا دەستکەوتەکانی رابردووی بزوتنەوەی کرێکاری و بزوتنەوەی ژنان تەنانەت له وڵاتە پێشکەوتووەکانیش یەك له دوای یەك وەربگرێتەوە و ستەم وسەرکوت له سەر ژنان شکڵ و شێوەی تازەتری به خۆیەوە گرتووە.

رژیمی سەرمایەداری ئیسلامیش به شێوەیەکی گەلێك وەحشیانەتر له رژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی، سەرکوتی سیستماتیکی ژنانی وەك ئەولەوییەتێك له سەروی تەواوی جنایەتەکانی خۆیەوە قەرار داوە. بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەو سەرکوت و وەحشیگەرییانه و هەروەها گەشه کردنی مەیلی کۆنەپەرەستی پیاوسالاری، ژنان و پیاوانی ئازادی خواز و بەرابەری تەڵەب وێڕای هەوڵ بۆ خۆ رێکخستنی به شێنەیی و له خوارەوە، هەشتی مارسەکانی خۆیان بەوپەڕی جەسارەتی کەم وێنەوە بەڕێوە بردووە.

ئەمساڵیش له هەل و مەرجێك دا بەرەو پیری هەشتی مارس "رۆژی جیهانی ژن" دەچین که ئاپارتایدی جنسی به پاڵپشتی فەرهەنگی دواکەتووانەی پیاوسالاری، ژێر دەستەیی و سووکایەتی کردنی هەر رۆژەی به ژنان به شکڵێکی دڵتەزێن له کۆمەڵگای ئێران دا نهادینه کردووە.

ژنان له ئێران هەر وەك باقی هاونەعەکانی خۆیان له سەرتاسەری جیهان، نەك هەر تەنیا قوربانی دەسەڵات و مناسباتی چەوسێنەرانەی نیزامی سەرمایەداری نین، بەڵکوو تایبەتمەندی مەزهەبی دەسەڵاتی سیاسی ستەم و سەرکوتی به سەر ژنان دا سەد چەندان کردووە و لایەنی زۆر بەربڵاوتری پێ بەخشیوە.

هاوکات گرانی، هەژاری، بێکاری له رادە بەدەر، نەبوونی بیمەی بێکاری، نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی و گەلێك گیروگرفتی له چارە نەهاتووی دیکه باڵی بەسەر بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگا دا کێشاوە و فەحشا بۆته پایەیەکی سەرەکی نیزامی سەرمایەداری ئیسلامی و ژنان ناچارن بۆ بەدەست هێنانی بژیوی ژیان و دابین کردنی سەرپەنایەك بۆ خۆیان و منداڵەکانیان، غوروری

خۆیان بنێنه ژێرپێ و لەش فرۆشی وەك تەنیا رێگا چارەیەك بۆ رزگار کردنی خۆیان و منداڵەکانیان لە مەرگی حەتمی، هەڵبژێرن.

سەرەڕای ئەم بارودۆخە نالەبارە ئابوریە، بێ مافی و کاری بێ ئەجر و پاداشی ژنانی ناو ماڵ، دیاردەی ئیعتیاد بە مەوادی موخەدر، خۆ سووتاندنی ژنان، یاسای دژ بە ژن و کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی و بە کەم گرتنی ژنان لە مەسەلەی شایەدی و میرات و سەرپەرەشتی کردنی منداڵ و دانی مافی چەند هاوسەری بە پیاوان و حیجانی زۆرەملی و ... رواڵەتی دزێوی ئەم نیزامە ئاشکراتر دەکەن و واژەی "ئاپارتایدی جنسی" واقعی مانا دەکەنەوە.

با، ئەمساڵ "8ی مارس" رۆژی هاوخەباتی جیهانی ژنان و پیاوانی ئازادی خواز و بەرابەری تەڵەب لە دژی ئاپارتایدی جنسی، بە ئیرادەیەکی پتەوترەوە بۆ بەڕێوە بردنی هەرچی شکۆدارتری رێوڕەسمەکانی ئەم رۆژە و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی پێوەندی بەربلاوتری بزوتنەوەی ژنان لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری، رێز لێ بگرین.

پیرۆز بێت هەشتی مارس رۆژی جیهانی ژن.

سەرکەوتوو بێت بزوتنەوەی ئازادی خوازانەی ژنان.

2007/2/28

***